# ئەرێ جەنابی قەڵەموەشێنی "کوردستانی نوێ"،

# کەینێ دیمانەکەی من لە گەل "رۆژنامە"، "بانگەشەی ناسیۆنالیستانە" بوو؟

"کوردستانی نوێ"ئورگانی ی.ن.ك لە ژمارەی رۆژی 3/27 دا (ل11) نووسینێکی لە ژێر نێوی "جەمال نەبەز وبانگەشەی ناسیۆنالیستانە"دا، بۆ بەڕێز عەدالەت عەبدوللا بلاوکردووەتەوە، کە گوایە ئەمە بەر پێچی ئەو دیمانەیەیە کە رۆژنامەی "رۆژنامە" بە هۆی رۆژنامەوان بەڕێز فازیل نەجیبەوە لە گەل من کردبووی ولە ژمارەی (183)ی رۆژی 3/19 دا بلاوکرابووەوە. بالێکیش لە نووسینەکەی کاك عەدالەتدا ئەوەیە، هەر لە سەرنێوەکەیەوە دیارە کە دەیەوێ سەر لە خوێنەرەوە تێکبدا وسەرنجی رابکێشێ بۆ بابەتێك کە پێوەندییەکی کرۆکیی بەو رەخنانەوە نییە کە لە دەسەلاتدارانی پارتی ویەکێتیم گرتوون. بابەتەکەی من بانگەشە نەبوو بۆ بیری ناسیۆنالیستانە، بەلکو باسی گۆڕینی دەسەلاتی هەرێم بوو، بەلام ئەوە بوو لە یەکێك لە پرسیارەکاندا، پارتی ویەکێتی، بە دوو "حیزبی ناسیۆنالیست" درابوونە قەڵەم، وگوترابوو، رێژەیەکی زور کەم لە هاوولاتان باوەریان بە درۆشمەکانیان هەیە، منیش گوتم، ئەو دوو حیزبەناسیۆنالیست نین، چۆنکە تایبەتکاری ناسیۆنالیستانەیان پێوە نییە، خۆ ئەگەر پرسیارەکە پارتی ویەکێتی، بە دوو حیزبی ئیسلامی، یان کۆمۆنیست بدایە قەڵەم، ئەوا دەمگوت، ئیسلامی وکۆمۆنیست نین، چۆنکە تایبەتکارەکانی ئەوانەیان پێوە نییە. لە بەر ئەوە، ئەم وەرامەی من ئەوە ناگەیەنێ کە من "بەلۆژێکی ئایدیۆلۆژیانە مامەڵەم کردبێ" وەك کاك عەدالەت، بە قەڵەموەشاندنێك، نابەر پرسیارانە، بە بالای قسەکانی مندا بریویێتی. هەر لەو دیمانەیەشدا گوتوومە کە پارتی ویەکێتی "نەتەوەیی" نین، بەلام ئەو بەرێزە دەنووسێ "....ئەو هێزانەی (واتە: پارتی ویەکێتی:ج.ن.) کە د. جەمال نەبەز پێی وایە نەتەوەیی نین" ...جا ئەگەر ئەز پێموابێ نەتەوەیی نین، مانای ئەو "پێموایە" یە ئەوە دگەیەنێ کە پارتی ویەکێتی، بەلای کاك عەدالەتەوە "نەتەوەیین" بە بێ ئەوەی بۆمان رۆنبکاتەوە، تایبەتکارەنی ئەم رێبازە "نەتەوەیی" یەی پارتی ویەکێتی لە چیدا خۆیان دەرخستووە.

کاك عەدالەت لە نووسینەکەیدا دەیەوێ، هەرێم وەك بەهەشتی دێموکراسی بداتە قەڵەم ودەفەرموێ: "......درۆیە، کە لە هەرێمدا رێنادرێ بە دروستبوونی هێزی ئۆپۆزسیۆن...هتد" وهەر لەوشوێنەدا کۆمەڵەی نێو دەوڵەتی (ئەمنستی ئینتەرناشنال) کە راپۆرتێکی لەو بارەیەوە بلاوکردووەتەوە، بە "درۆزن" دادەنێ و، دەبێژێ: ئەگەر رێگری سیاسی هەبێت، چۆن هێزێکی بێ سەرمایەی رەمزی،وەك یەکگرتووی ئیسلامی لە ماوەی 15 ساڵدا دەبێتە هێزی سێیەم لە کوردستاندا، ئەگەر رێگری سیاسی هەبێت چۆن کۆمەڵی ئیسلامی، بە پێی راپۆرتی خۆیان، دەبنە خاوەنی سەتهزار ئەندام ولایەنگیر؟

بە راستی کاك عەدالەت، دەبوو خۆت ئەم پرسیارەت لە خۆت وسەرکردەکانت بکردایە، کە 17 ساڵ کاتتان هەبوو، بۆ خزمەتکردنی خەلك وکردنیان بەدۆست ولایەنگری خۆتان، بەلام ئەمەتان نەکرد ولە هەموو رووییەکەوە، چ رامیاری، چ کۆمەلایەتی، چ خزمەتگوزاری، شکستتان هێنا. تۆ خۆشت زۆرباش دەزانی، ئەز سەر بەهیچ حیزب ولایەنێك نیم وحەوت ساڵ بەو پەری دڵپاکییەوە، کەوتمە نێوان ئێوەو پارتییەوە، تاکوشەڕ نەکەن ولە یەکدی نەکوژن ولەشکری داگیرکەران نەهێننە کوردستان وئارام دانیشن وکەلك لەو هەلە مێژووییە وەربگرن کە بۆ کورد هاتە پێشەوە، بەلام ئێوە لە سەر حیزبحیزبێنەی خۆتان چوون بەرێوە ودادی کەستان نە پرسی وخەلکتان والێکرد کە هیچ چارەو دەرەتانێك نە مایەوە بۆی ئەوە نەبێ رووبکاتە خوا وهاواری خوا بکا تا مافی بستێنێ. رەچەتەی ئەم دەرمانەشی، لە لای ئیسلامییەکان دەسکەوت. کە ئەوانیش زۆر ژیرەکانە و لە پاڵ دابینکردنی کەمێك بژێوی ژیاندا بۆیان، توانیان ئەمانە رابکێشن بۆ لای خۆیان. لە بەر ئەوە ئیسلامییەکان دەبێ سوپاسی ئێوە بکەن، چۆنکە شەڕە

**قۆچی ئێوه هەردووکتان، له سەر پارە ودەسەلاّت بە سەر رەشوڕووتی کوردستاندا، دەرفەتی خستە دەستی ئیسلامییەکان ووایکرد لێیان، ببنه ئەو هێزەی کە ئێوه ئێستا داماون بە دەستییەوەو، لە وانەشە بتوانێ جێ بە ئێوه لێژ بکات. ئەگەرنا، پاش راپەڕین ودامەزراندنی "ئەوای ئارام"، ئەوه بوو، خەلّکە قوربانیدەرە لێقەوماوەکە، بە زۆری، بە هیوای پارووێەك نان وخۆشییەك له ژیان، دەنگیان دا بە ئێوه و، ئیسلامییەکان 5٪یان نەهێنا. بەلاّم ئێوه بە دایەخی ئەم خەلّکە بەشمەینەتە دەرنەهاتن وتەنانەت ئاو وکارەبا وسووتەمەنی ودەرمانتان، کە ئەلفوبێی کۆمەلّگەی شارستانییە، بۆ خەلّکی هەرێم دابین نەکرد. گەندەلیی بەڕێوەبەرێتی و ژنکوژی وهەژاری وبێکاری وگرانیش لەولاوە بوەستێ، ئەگەرنا، هۆی بە هێزبوونی ئیسلامییەکان ئەوه نییە کە ئەمانە پێوەندییان بە ئێران وعەرەبستانی سعوودی ورژێمی ترکەوە هەیە، راستە هەیانە وئەمەش شاراوە نییە، بەلاّم ئێوەش پێوەندیی گەلێك لەوان توند و تۆلّترتان لە گەلّ ئەم دەولەتە داگیرکەرانە هەیە، ئێدی بۆ چی بۆ ئێوه روابێ وبۆ وان نارەوا، بانێکە ودووهەوا؟**

**پاشان، ئێوه بە فیفتی فیفتی، بەڕێوەبەرێتیی هەرێمتان گرتووەتە دەست، هیچ بوارێکتان بۆ ئەوه نەهێشتووەتەوە کە لایەکتان ببێتە فەرمانڕەوا ولایەکتان ئۆپۆزیسیۆن. واتە ئێوه خاوەنی تیۆرییەکی سەیروسەمەرەن لە رامیاریدا کە لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا نییە. فەرمانڕەواش وئۆپۆزیسیۆنیشن لە یەك کاتدا. وەك کوردەکە دەبێژێ: هەم ئێشەك وهەم دۆشەك.**

**بێگومان، ئەگەر، ئێوه، بۆ راگرتنی دلّی داگیرکەرانی کوردستان وحیزبحزبێنەی خۆتان وترستان لە دەستچوونی دەسەلاّت نەبووایە ودوژمنایەتیی بیرو بزووتنەوەی نەتەوەییتان نەکردایە، لێرەشدا مەبەستم لە بیری نەتەوەیی، ناسیۆنالیستی نییە، ئەم دووانە زۆر جیاوازن لە یەك، ئەوا ئەورۆ هێزێکی نەتەوەییی ئازادیخوازی گەورە، پێی خۆی داکوتابوو، بەلاّم ئێوه رێتان لە هەموو بزووتنەوەیەکی کوردستانیی سەربەخویخواز گرت، کە نەیویستایە ببێتە پاشکۆی حیزبەکانتان وتەنانەت ریّتان نەدا کە کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، تاکە بیرۆیەکی لە هەرێمدا هەبێ، ئەگەرچی چەند جار، و چەند جار سەرکردەکانتان بەلّێنی ئەوەیان دا. ئێستەش جەنابت دەفەرموویت "کەس باوەڕ بەو درۆیە ناکات کە بوار نەبێت بۆ پێکهێنانی ئەو هێزە نەتەوەییەی کە جەمال نەبەز دلّخوازێتی". لە بەر ئەوه، ئەم قسەیەی جەنابتان سەرەو نخونکردنەوەی راستییە.**

**لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە، ئەم بەڕێزە داوای لە من کردووە کە جارێ بۆ ئەم بیرۆکە وپرۆژە گوایە، "ناسیۆنالیستییە" بدەم وئەو هێزە سیاسییانەی کە ئایانەوێت، وەك پارتی ویەکێتی، "نەتەوەیی نەبن"، کۆبکەمەوە.**

**بە ڕاستی جێی سەرسووڕمانە، مرۆڤێکی گەنج وەك کاك عەدالەت کە خۆی لە هەرێمی  پارتی ویەکێتیدا دەژی، ئەم قسە بێسەروبەرانە بکات. بۆچی هەموو مافێکی ئۆپۆزسیۆن هەر ئەوەیە رۆژنامەیەك دەربکات وچەند قسەیەك بلاّوبکاتەوە؟ کاکی برا، ئۆپۆزسیۆن بەرهەمی کۆمەلّگەی شارستانیی وسیستەمی دێمۆکراسی-لیبرالییە ئامانجی ئۆپۆزسیۆن بوونە فەرمانڕوایە، لە ئە نجامی هەلّبژاردنێکی ئازاددا، کە ئەو سیستەمە لەهەرێمدا نییە. ئۆپۆزسیۆن کاتێك دەتوانێی ببێ، کە دەولّەت وحکوومەت بێلایەن بن لە نێوان حیزبەکان وهێزەکاندا و، دەسەلاّتی هەموو لایەکیان وەك یەك بێ. پارتی ویەکێتی، کە بووجە وداهاتی 10-12 ملیار دۆلاریی هەرێم بەدەست ئەوانەوە بێ وکەس نەزانی چەندی بۆ ئەم حیزب وچەندی بۆ ئەو حیزب دەچێ وهێزی لەشکر وپۆلیس وئاسایش وزێرەڤانی بە دەست ئەو دوو حیزبەوە بێ، ئێدی باسی ئازادی ودێمۆکراسی ودەرفەتی وەك یەك بۆ حیزبەکان چۆن بکەین؟ هیچ حیزبێك هەیە لە ولاّتێکی دێمۆکراسیدا، هێزی چەکداری هەبێ وهەموو بووجەی ولات بە دەست وی بێ؟ هیچ حیزبێك هەیە لە کۆمەلّگەیەکی ئازاد ودێمۆکراسیدا، بچێ دەست لە حیزبێکی دیکە بگرێتەوە پارەی بداتێ،**

پارەکەش هەمووی هی خەلکی ئەو ولاتە بێ، وەك لە هەرێمی کوردستاندا باوە، کە حیزبە گچکەکان دەست لە یەکێتی وپارتی دەگرنەوە بۆ پارە؟ ئەم دەولەمەندێتییەی پارتی و یەکێتی لە چییەوە هاتووە؟ لە ئاسمانەوە باریوە بە سەریاندا؟

خۆ ئەگەر بوونی حیزب لە ولاتێکدا، لە پال حیزبی دەسەلاتدار دا، نیشانەی دێمۆکراسی بێ، ئەوا لە سەر دەمی سەددام ولە ئێران وترکیای ئەورۆشدا، حیزبی لەو بابەتانە هەبووە و هەن وزۆرن، دلنیابن، ئەز هیچ نیازێکم نییە حیزب دروست بکەم، چۆنکە لە بنەڕەتەوە باوەڕم بەو کارە نییە. خۆ ئەگەر ئەو کارەش بکرێ، ئەوا لە بن بارودۆخی ئەوڕۆی هەرێم داسەرناگرێ. بە دلنیایشەوە دەبێژم کە چۆن تائێستە چاوم لە پلە وپایە نەبووە، لەمەدواش هەروا دەبێ، ئامۆژگاریی دلسۆژانە و خێرخوازانەشم بۆ ئێوە هەر ئەوەیە کە سالانێك لە مەو بەرەوە رامگەیاندووە پێتان ولە دیمانەکەی "رۆژنامە" دا باسمکردووەتەوە. وەرن هەردوو لاتان کارێك بکەن کە بە چاکەخوازی وگیانبەرزی بچێتە مێژووەوە بۆتان، دەست لە فەرمانڕوایی بکێشنەوە ورێکخراوە چەکدارەکانتان هەلوەشێنەوەو رێبدەن کە لەشکرێکی کوردستانیی سەربەخۆ وپۆلیس وئاسایشێکی نا حیزبیی سەربەخو دروست ببێ و، ئەنجومەنێکی سەربەخۆش بکەوێتە کار، کە بۆ ماوەی چەند مانگێك فەرمانڕوایی لە هەرێمدا بگرێتە دەست، تا دەستوورێکی کوردستانیی لە سەر بنچینەی ئازادی ویەکسانیی مرۆڤ ئامادە بکات وبیخاتە گشتپرسییەوە و، ئەوجا بانگی هەلبژاردنێکی نوێ لە کەشو هەوایەکی ئازاد دا بدات وحکوومەتێکی نوێ بهێنێتەکایە کە بکەوێتە خزمەتکردنی خەلك وئاواکردنەوەی کوردستان وخۆشی لە هەموو دەروێستییەك (إلتزامات) بەرامبەر حکوومەتی عێراق بکێشێتەوە، نەك وەك د. فۆاد مەعسووم دەبێژێ: "نامانەوێت ناکۆکیی مالیکی ومقتەدا (سەدر) چیما بکەینە کارتی گوشار بۆ جێبەجێکردنی مادەی 140" "سبەی" 5-4-2008. چارەنووسی هەرێمیش، بە نێوچە داگیرکراوەکانیشییەوە بداتە دەست بریاری خەلکی کوردستان، نەك رەفراندۆم. ئەوە رێیەکی هێمنانە وئاشتیخوازانەیە بۆ گۆڕانکاری لە دەسەلاتی هەرێمدا، کە دەمێکە کاتی هاتووە. چۆنکە ئەگەر ئەو گۆڕانکارییە هێمنانەیە نەبێ، باوەڕ بفەرموون گەلێك بە سەرهاتی ناخۆش و پشتشکێن روودەدەن، کە بەری ئەو کارەساتانە، نە بە پارتی ویەکێتی و، نە بە ئەمریکا وهاوپەیمانەکانی دەگیرێ.

ئەرێ... ئەمە بنەمای ئەو پرۆژەیەیە کە لە وتووێژە کەمدا پەنجەم خستە سەری، نەك، "بانگەشەی ناسیۆنالیستانە" کە جەنابی عەدالەت عەبدوللا بۆ گۆڕینی ئامانج وتێکدانی مەبەستەکەم، بە فەرمانی سەردەستەکانی و، بە نیازی چاوبەست کەوتووەتە قەلەموەشاندن لێمان.

ئەلمانیا : جەمال نەبەز

بەرلین 2008/4/5

www.jemalnebez.com